# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی



# هەواڵەکانی فیدراسیۆن لەپێناو داکۆکی لە پەنابەران

لەندەن

## فیدراسیۆن کۆبوونەوە دەباتە پەرلەمانی بەریتانیا دژ بە دیپۆرتی پەنابەرانی کورد

رۆژی 26–3–2007 لەپەرلەمانی بەریتانیا کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بەهەدەڤی لێکولینەوەو خستنەرووی رێگاچارە لەسەر بارودۆخی پەنابەرانی عیراقی و سیاسەتی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد سازدرا. لەم کۆبوونەیەدا ژمارەیەکی زۆر لەخەلکی پەنابەر و دەیان کەسایەتی ناسراو و هەڵسوراو لەبورای کیشەی پەنابەریتی و مافەکانی مرۆڤ ئامادەیی بوون وبەمیوانداریتی وپیشتیوانی بەریز( **John McDonnell**) ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا وکەسایەتی ناسراوی نیو گروپی سوشیالیستەکانی ناو پەرلەمان بەریوەچوو، چەندین باس و لایەنی جۆراوجۆری کیشەی پەنابەران خرایە روو.لەکۆتایدا یادشتنامەیەك بەئیمزای 28 رێکخراو کەسایەتی و ئەندام پەرلەمان بەریتانیاو ئەوروپا کە داوای پشتیوانی لەخواستی پەنابەرانی کورد بۆ داوای راگرتنی دەستبەجی سیاسەتی ناردنەوەی پەنابەرانی کورد و داواکاری دانی ماڤ پەنابەری بە پەنابەران وەچەند داوای تری تیا هاتبوو رەوانەی پەرلەمانتارەکانی بەریتانیا کرا.

نوتینگهام:

## کۆرێك بۆ پەنابەران لەشاری نوتینگهام رێکخرا

رۆژی هەینی 23–3 لەژیر ناونیشانی (تیکۆشان لەپێناو بەرگرتن بەسیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی کوردی عیراقی) کۆرێك بۆ (دەشتی جەمال)بەرپرسی فیدراسیۆن لەمەڵبەندی پەنابەران سازدرا ئەم کۆرە لەلایەن جاسم غفور بەرپرسی فیدراسیۆن پەنابەرانی عیراقی لەشاری نوتینگهام بەرێوەبرا.

لەم ئێوارە کورەدا لەسەر دواگۆرانکاریەکان لەسیاسەتی دەولەتی بەریتانیا بەرامبەر بە پەنابەران وسەردانی بەرپرسی فیدراسیۆن بۆ کوردستان و دانیشتن لەگەل بەرپرسیارانی UNHCR ی جنیڤ تایبەت بەکەیسی پەنابەرانی کوردی عیراقی وهۆکارەکانی رووکردنی خەڵکی کوردستان بۆ دەرەوە وهەڵویستی حکومەتی هەرێمی کوردستان قسەو باسکرا ،پاشان بەشدار بوان بە پرسیارو دەربرینی راو بووچوونی خۆیان کۆبوونەوەکەیان دەولەمەند کرد.

بەرمنگهام:

## کۆرێك لەگەڵ پەنابەرانی کورد لەشاری بەرمنگهام

رۆژی 8–4–2007 لەشاری بەرمنگهام ،کۆرێك بۆ (دەشتی جەمال) بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەژیر( ناونیشانی داکۆکی لەپێناو ماڤ پەنابەری بە پەنابەرانی کوردستان و راوەستانەوە بەرامبەر بە سیاسەتی دیپۆرت) سازدرا ، ئەم کۆرە لەلایەن **(شەپۆل سەعید)** ئەندامی فیدراسیۆن بەرێوەبرا. لەم کۆرەدا لەسەر دوایین ئالوگۆرەکان لە سیاسەتی پەنابەری وولاتانی ئەوروپا بەرامبەر بە پەنابەرانی کوردو عیراقی قسەو باسی پێشکەشکرا ، وئەو هەنگاوانەی پێویستە بگیریتە بەر بۆ کۆتای هینان بەو مەینەتیانەی توشی پەنابەران دێت ، لە دەربرینی نارەزایەتی و خۆرێکخستن و یەگرتووی ریزەکانی پەنابەران لەدەوری رێکخراوی فیدراسیۆن و هەوڵدان بۆ بەدەستهینانی پشتیوانی خەڵکی ئازادی خوازی ئەوروپا و رێکخراو ئینسانی و پەنابەری یەکان ویەکیتی کریکاری و پەرلەمانتارەکان ..هەروەهاباس لە ئەوزاعی سیاسی

عیراق و کوردستان ، هۆکارەکانی رووکردنە هەندەران کرا. پاشان بەشداربوان  بە  دەربرینی راو سرنج و پیشنیار خۆیان کۆبوونەوەکەیان کۆمەك کرد

لەندەن،

## بەرپرسی فیدراسیۆن لەگەل نۆینەری UNHCR کۆبووە

رۆژی 17–4–2007 لە دیداریکی تایبەتدا دەشتی جەمال چاوی کەوت بە بەریز(Jacqueline Parlevliet ) بەرپرس لە UNHCR لە لەندەن لەم دیدارەدا بەدریژی جارێکی تر لەسەر ئەوزاعی پەنابەرانی کوردو عیراقی لە بەریتانیاو وولاتە ئەورووپیەکان تر بەدریژی قسەو باسکرا داواکرا UNHCR پێویستە دەوری بگێریت لە وەلام بەکیشەکانی پەنابەران وفشار خستنە سەر دەولەتە ئەورووپی یەکان بۆ دانی ماف پەنابەری بە پەنابەرانی کوردو عیراقی.

جنیف:

## بەرپرسی فیدراسیۆن نامە ئاراستەی سکرتیری نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات

رۆژی 16 –4 دەشتی جەمال بە ناوی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی وە نامەیەکی  ئاراستەی بەریز (Ban Ki-Moon) سکرتیری نەتەوەیەکگرتووەکان وە بەشداربووان لەکۆنفرانسی  رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە  رۆژەکانی  17–18–4–2007 تایبەت بە کیشە وگیرگرفتی پەنابەرە عراقیەکان کە روویان بۆ  وولاتانی دراوسێ عیراق هیناوە کۆبوونەوە ، داواکاری کۆمەکی جدی لە ئەندامانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە لەئاستی ئەم تراجیدیا بێ وینەیەدا لەعیراقدا بەریوەدەچێ  بەرپرسیاریتی و  ئەرك و یارمەتی خۆیان نیشان بدەن.چەند داواکاری خرایە بەردەم کۆنفرانسەکە ،

1. پێك هینانی کۆمیتەی فریاگوزارین لە هەموو رێکخراوە غەیرە حکومەیەکان و کۆمەکیان لەلایەن رێکخراوەی تەنەوەیەکگرتووەکان بۆ گیرانەوەی ژیان بۆ ئەو ئاوەرە عیراقیانە وەدابینکردنی تەواوی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی و تەندروستی یەکان بۆیان ،فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ، ئامادەیە لەکۆمیتە فریا گوازاریەدا بەشدار بێت.
2. کردنەوەی سنوقێکی مالی لەسەر بۆجەی UNHCR بۆ تامین کردنی پێداویستێکانی ئەم ئاوارەانە.
3. داوا بکرێت لەتەواوی وولاتانی دراوسێ عیراق ،ئەو وولاتانەی ئاوارەی عیراقی رووی تێکردون تەواوی ماف و حقوق پێداویستەیەکان بۆ پەنابەرانی عیراقی دابین بکات .
4. بەرەسمیت ناسینی عیراق بە هەموو پارچەکانی یەوە بە وولاتێکی (نائەمن ) تا هیچ وولاتێکی ئەورووپی و دەولەتانی دراوسێ بۆیان نەبێت هیچ پەنابەرێك بەزۆر رەوانەی عیراق بکەنەوە ماف پەنابەریان بۆ بەرەسمیت بناسێنن.
5. کۆمەك بەو رێکخراو لایەنانەی لەناوخۆی عیراقدا کۆمەك دەکەن بەگیرانەوەی ئەمنیەت وئاسایش بۆ خەلکی عیراق.
6. کۆمەك بەو پەنابەرانەی لەوولاتانی دراوسێی عیراقدا داوای پەنابەریان کردوە و قبولکردنیان لەوولاتانیك کە دەیانەویت بۆی بچن و خیراکردنی پرۆسەی ناردنیان.

پاشان چەند پەیوەندی تەلەفوونی لەگەل بەرپرسیارانی (UNHCR) لەجنیف ئەم نامەیە گەیەنرایە شۆینی مەبەست.

مانچستەر:

## کۆرێك بۆ ئاسۆ کەمال لەشاری مانچستەر

لەدریژەی چالاکی سیاسی و فەرهەنگێکانی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی رۆژی 25–3 لەیادی کارەساتی هەلبجەو ئەنفالدا، فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری مانچستەر ئێوارە کۆرێکیان بەم بۆنەوە  بۆ بەریز(ئاسۆ کەمال)ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق دانا لەژیر ناونیشانی (هەلبجەو ئەنفال لەکارەساتی کیمیابارانەوە تا سووتاندنی مۆنۆمینت بۆ ئازادی و سەربەخۆی کوردستان) هاوکات پێشنگایەکی پۆستەر سەبارەت بەیادی هەلبجە بۆ بەریزان جاسم غفور و دیاکۆ پێشکەشکرا.

یۆتۆبۆری

## کۆبوونەوەی پەنابەران ونۆینەرانی رێکخراوەکان بۆ داکۆکی لەپەنابەرانی کورد لەسوید

لەسەر بانگهێشتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی–یۆتۆبۆری دوو کۆبوونەوەی گشتی لەگەل نۆینەرانی کۆمەلەو رێکخراوە کوردیەکان و پەنابەرانی ئەو شارە سازدرا ،ئەم کۆبوونەوەنە بەدوای بریاری دریژەنەکردنەوەی ئیقامەتی یەکسالی بۆ 1400 کەیسی پەنابەری کوردی عیراقیو بریاری ناردنەوەی پەنابەران پیچەوانە بەخواستی خۆیان بۆ کوردستان.

لەم کۆبوونەوەدا بریاری پێك هینانی (کۆمیتەی هاوکاری بۆ بەرگری لەپەنابەرانی کوردی عیراقی )درا و فیدراسیۆن و لایەنەکانی بەشدار لەم کۆمیتەیەدا بریاری یان دا خۆپیشاندانێك ببنە بەردەم دائیرەی کۆچی سویدی.

**یۆتۆبۆری:**

## خۆپیشاندانی جەماوەری دژ بەبریاری حکومەتی سویدی بەرامبەر بەپەنابەرانی کورد

رۆژی 19–4 لەسەر بانگەوازی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی–یۆتۆبۆری و بەهاوکاری کۆمیتەی هاوکاری بۆ بەرگری لەپەنابەرانی کوردی عیراقی خۆپیشاندانێك برایە بەردەم دائیرەی کۆچی سویدی دژ بە بریاری تازەنەکردنەوەی ئیقامەی یەکسالی بۆ پەنابەرانی کورد و بریاری بەزۆر گیرانەوەی پەنابەران .داواکاریەکانی ئەم خۆپیشاندانە

هەلوەشاندنەوەی بریاری بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران و دانی ئیقامەی دائیم بە پەنابەرانی کورد ،وراوەستانەوە بەدژی هەر رێکەوتن وبەندو بەستێك بۆ گیرانەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بۆ کوردستان.

وەفدێکی خۆپیشاندەران کە پێك هاتبوولەبەریزان(هاوریٚ فاتح،دەشتی جەمال،ئازاد ماوەتی،ڤیان کەریم،شیلان مجید)4 هەزار ئیمزای نارەزایەتی دژ بەم بریارە وەبەیانی داخوازیەکانی خۆپیشاندەرانیان تەسلیم بەنۆینەری دائیرەی کۆچی سویدی کرد ، بریار درا نامەی ئاراستەی حکومەتی هەریمی کوردستان بکرێت وەهەروەها نامەیەکی نارەزایەتیش رەوانەی سەرۆکی پەرلەمانی سویدی بکرێت بۆ داکۆکی لەمافەکانی پەنابەرانی کورد.

هەوالەکانی ئەم خۆپیشاندانە لەرۆژنانەی سەرتاسەری سویدی و کەنالەکانی راگەیاندن وچەند رۆژنامەو مالپەری کوردی لەکوردستان بلاودەبێتەوە.

**لەندەن:**

## بەرپرسی فیدراسیۆن نامە ئاراستەی بەریز Staffan Carlsson سەفیری سوید لەبەریتانیا دەکات

رۆژی 24–4 دەشتی جەمال بەرپرسی فیدراسیۆن نامەیەك ئاراستەی سەفیری سویدی لە بەریتانیا دەکات سەبارەت بە بریاری دریژەنەکردنەوەی ئیقامەتی یەکسالی بۆ 1400 کەیسی پەنابەرانی کوردی عیراقی و گیرانەوەی پەنابەران و لەو نامەیەدا داوا دەکات ئەو بریارە هەلبوشینەوە وە سازکردنی دیدارێك لەسەر کیشەو گیروگرفتەکانی پەنابەرانی کورد لەسوید.

**لەندەن:**

## کۆمەلێك رێکخراوی چەپ و ئینسانی بریاری یان دا نامەی نارەزایەتی ئاراستەی حکومەتی سویدی بکەن

بەدوای بلاوکردنەوەی هەوالەکانی پەنابەران لەسوید لە لایەن فیدراسیۆنەوە پەیوەندی بەچەند رێکخراوی پەنابەری و ئینسانی و لایەنی چەپ کرا ،رێکخراوی هاوپشتی لەگەلْ کریکارانی عیراق،رێکخراوی NO SWEAT،کۆمەلەی رزگاری کریکار،یەکیتی کریکاری پەیوەندی یەکان ..) وا بریارە نامە نارەزایەتی ئاراستەی حکومەتی سویدی بکەن دژ بە بریارێك کە بەرامبەر بە پەنابەرانی کوردی عیراقی دراوە
.

**ئەمریکا:**

## رۆژنامە نۆسێکی ئەمریکی چاوپێکەوتن لەگەل ژمارەیەك لە پەنابەرانی کورد سازدەدات

رۆژی 24–4 لە بنکەی فیدراسیۆن بەریز (Berh Gardiner) رۆژنامە نووسێکی ئەمریکی چاوپێکەوتن لەگەل بەرپرسی فیدراسیۆن و ژمارەیەك لە پەنابەرانی کورد ساز دەدات بەمەبەدەڤ لیکولینەوە و بلاوکردنەوەی راپۆرت لەسەر بارودۆخی پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا و مامەلەی حکومەتی بەریتانیا و هۆکارەکانی ئاوارەی لەعیراقدا ، بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن مالپەری ئەم ئۆرگانە لە www.iht.com تەماشابکەن

**کوردستان:**

## رۆژنامەکانی کوردستان بەردەوام هەوالەکانی پەنابەران بلاودەکەنەوە

لەچەند رۆژنامەی کوردی لەکوردستان لەوانە  ئالأی ئازادی ،ئۆکتۆبەر،ئاسۆ بەردەوام هەواڵەکان و نارەزایەتی یەکانی پەنابەران بلاودەکرێتەوە  لەگەڵ چەند مالپەرە کوردی و ماڵپەری ئینگلیزی

**بەرازیل:**

## رۆژنامەنوسێکی سەربەخۆ لەگەڵ پەنابەرانی کورد چاوپێکەوتن دەکات

رۆژی 24-4 لە بنکەی فیدراسیۆن بەریز(Luciana Nanci) رۆژنامە نوسێکی سەربەخۆ لەگەڵ بەرپرسی فیدراسیۆن و ژمارەیەك لە پەنابەرانی کورد لەبەریتانیا چاوپێکەوتن ساز دەدات بۆ رۆژنامە سەرتاسەریەکانی بەرازیل لەسەر وەزعیتی پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا و هۆکاری ئاوەرابوونیان.

**ئۆسلۆ:**

## چالاکیکانی رێکخراوی پەنابەرانی کوردی عیراقی لەنەرویج

ڕۆژی یەک شەممە بەرواری 22.04.2007 ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج بۆ بە دواداچوونی کێشەی ئەو کوردانەی کە ئیقامەی کاتی یان هەیە لە نەرویج و بە "موف" ناسراون دا کۆبوونەوەیەکی  سازدا. لە کۆبوونەوەکەدا نزیک بە 90 کەس بەشداربوون. کۆبوونەوەکە بە مەبەستی ڕێکخراوکردن و دیاریکردنی هەنگاوو کارەکانی ئایندە ڕێکخرا. سەرەتا عمری خەتات باسێکی لەسەر گرنگی ڕێکخراوبوون و لە پاڵ یەکداوەستانی هەموو ئەو کەسانە کرد کە ئەم کێشەیەیان هەیەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە ئەم کەسانە خۆیان بێن و لەم کێشەیەی خۆیاندا بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی پەنابەران لە مەیداندابن.

دواتر کامل احمد، سکرتێری ڕێکخراو، باسی ئەو هەوڵانەی کرد کە ڕێکخراو لە چەند مانگی ڕابردوودا داویەتی هەم بە پەیوەندیگرتن لەگەل وەزارەت و  لەگەڵ پەرلەمان و لایەنە بەرپرسەکاندا. باسی ئەوەشی کرد کە هەموو ئەم هەوڵانە بەبێ هاتنەمەیدانی خودی پەنابەران ناتوانێت سودێکی ئەوتۆی هەبێت و جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە دەبێت پەنابەران بێن و لەگەل ڕێکخراوی خۆیاندا، بۆ مافەکانیان لە مەیداندابن و هەموو شێوازەکانی خەبات و نارەزایەتی دەربڕینی مۆدێرن و ئارامانە بگرنەبەرو هەمیشە فشار بۆ دەوڵەت بهێنن تا بۆ دوواجار ئەم کێشەیە وەلأم وەربگرێتەوە. ئامادەباش بن بۆ کارو خەباتی ئایندەو بە هیچ جۆرە بەندووبەستێکی ئەحزابەکانی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتدا خۆڵ نەچێتە چاویان.

پاش  پێشنیاري ئامادەبووان بریار درا خۆپیشاندانێکی تر یان مانگرتنێکی مۆدێرنی 3 ڕۆژەو دوور لە توندوتیژی لەبەردەمی وەزارەتدا دابنرێ

لە کۆتایی دا لیژنەیەکی بۆ بەدواداچوونی لە کێشەی موفەکان پێکهێنات. لیژنەکە بریتی یە لە: کامل احمد، عمری خەتات، شیروان ابراهیم، شوان عمر، جمال محمد، سیروان عبدول، بژار معروف، عبدالعزیز بامەڕنی و سارا قادر.

**نەرویج:**

## لیژنەی رێکخراوی پەنابەرانی کورد بە بەرپرسیارانی دائیرەی کۆچەوە سەبارەت بەکیشەی پەنابەران پەیوەندی دەگرن

رۆژی 25-4 لیژنەی رێکخراوی پەنابەرانی کوردی عیراقی لە نەرویج بە بەرپرسیارانی دائیرەی کۆچی نەرویج پەیوەندی دەگرن بۆ دانیشتن لەسەر کیشەی ئەو پەنابەرانەی کە بە موف ناسراوە(MUF) ،بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەیەك سازدراوە رۆژی 30-4-2007 لەگەل بەرپرسیارانی دائیرەی کۆچی نەرویج ،داوا لەتەواوی پەنابەران دەکەین هەر پێشنیاریەکیان هەیە تا ئەو کاتە بەرێکخراوی پەنابەرانی کوردی عیراقی لەنەرویج پەیوەندی بکەن.

IFIR:PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,

d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com

Jasim Gafur: Jasm_rg@yahoo.co.uk  Burhan Fatah : burhanfatah@aol.com Mobile:

07877489626 **or** 07929010257  Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083

www.csdiraq.com